کشتوکاڵ: نزیکەی 100 ملیۆن پەنجەی ماسی کارپ و چەندین جۆری دیکەی خراونەتە دەریاچەکانەوە

وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق سەدان ملیۆن پەنجەی ماسیی بۆ پاڵپشتیکردنی سامانی ماسی بۆ سەرجەم بەنداو و دەریاچەکان ڕاگەیاند، هاوکات بۆیاری قەدەغەکردنی ڕاوەماسی بۆ پاراستنی کێگای ماسی دیاریکرد.

وەلید محەمەد ڕەزوقی بەڕێوەبەری گشتیی بەشی سامانەئاژەڵییەکان لەو وەزارەتی کشتوکاڵ ڕایگەیاند، "نزیکەی 100 ملیۆن پەنجەی ماسی کارپ و چەندین جۆری دیکەی خراونەتە دەریاچەکانەوە، جگە لەوەش نزیکەی پێنج هەزار و 400 پەنجەی ماسی وەک قاوەیی، کێتان، و شەبوت خراونەتە ناو دەریاچەی بەنداوی حەدیسەوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، "ئەو ڕێکارانەی گیراونەتەبەر بۆ ڕێگریکردن لە ڕاوکردنی ماسی نایاسایی بریتین لە دەرکردنی نوسراوێك بۆ قەدەغەکردنی ڕاوکردنی ماسی لە وەرزی زاوزێکردندا کە لە 15ی (شوبات/2)ەوە تا 1ی (تەممووز/7) درێژدەبێتەوە، لە ناوچەی تایبەتەکاندا، ئەمەش جگە لە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ بۆ دڵنیابون لە جێبەجێکردنی ئەو ڕێوشوێنانەو پاراستنی کێگاکانی ماسی دیاریکراون".